www.kurdistannet.org
29-10-2006 7:19بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# پەنجەرە لەئەفسانە دادەخەم ... کەژاڵ ئیبراهیم خدر

Kazhal_3@hotmail. com



ئەفسانەکان دەگێڕنەوە،
پەنجەرە هەرگیز ئازاری هەتاو نادات
چرا قەد پەروانە لەنێو جەهەنەمی خۆی ناسوتێنێ
دەیخاتە بەهەشتی خۆیەوە
بەپێی حیکایەتەکانی ئەفسانە بێ
( (ژن و چراو پەنجەرە) ) لەیەك دەچن
یەکەمیان ئامێزی بۆمنداڵ جەنتەتەو
دووەمیان بۆپەروانە سێبەرو
سێیەمیان بۆهەتاو خەونە شارێکە لەرووناکی
ئەفسانەکان دەگێڕنەوە
پێویستە مرۆڤ، حیکمەتەکانی ئەفسانە تێبگاو
لەچراوە هەرچی پەروانەی عاشق هەیە
بیانخاتە نێو مۆزەخانەی چاومانەوە ...
لەهەتاویشەوە ئاشنابین
هەرچی پەنجەرەی دونیا هەیە
بیکەینە مەعشووقی رووناکی خۆمان
لەژنیشەوە تێبگەین،
منداڵ لەباڵەخانەکانی دڵدایەو
لەودڵە بچکۆلەی ژندا دەژی و
لەوێدا بۆئەبەد دەمێنێتەوە
یەکەم ئایەتی ئەفسانە
بەحونجەیەکی جەهەنەمی خوێنرایەوە
کلوە رستەکانیان بەزریکە دەخستە گوێمەوە
"ئەی ئادەمیە نەخۆشەکە"
وەرە ناو حیکایەتەکانی هەتاو
ئەی ژنە شاعیرەی دڵشکاو
سەرێك بدە لەپەرستگای چراو
پیاسەیەك لەگەڵ پەروانەدا بکە..
تۆدەزانی..
ئەی ژنە رەنگ زەردەکەی پاییز
تۆو ئەفسانە لەیەك ناچن
تۆو پەرەسێلکەیەکی مەرگ
هێلانە لەماڵی روحتدا جێ دەکەن،
ئەفسانەش جێگایەکی نیە بۆ هێلانە "
من هەرگیز بەئەفسانە رازی نابم،

گەرچی ئەو وەرزێکی تەمەنمی دزی
درامایەك لەمیهرەبانی بەند كردم
تەمەنێك تریفەی لەگەڵ خۆیدا برد.
رازی نابم و هاتوومەوە ...
ئیدی لەووڵاتی درۆو دەلەسەكانی تۆ نازیم،
مادام هەنارو سێبەرو گوڵ نەبوو
مادام درەخت و بەهەشت و ئاو نەبوو
من دەگەڕێمەوە بۆ رووناكی
ئاخر نابێ، چی بكەم لەوێ؟
چۆن دەبێ من نەمربم و
سێبەرو گوڵ و ئاو بمرن ...
ئیتر ناگەڕێمەوە لای ئەفسانە
گوێ لەقسە بێ سوودەكانی ناگرم
نەمریی بۆمن لەرستەیەكدا جێی نابێتەوە،
نەمریی وانەیەكی بێ واتا دەردەچێ،
ئاخر چۆن نەمری مانای دەبێ
ئەگەر ژیان بەئاسمان و ئەستێرەكانەوە بمرن
دەگەڕێمەوە گوێشت لێ ناگرم
من نامەوێ هەتا ئەبەد دۆستەكانم
تەنیا هەتاوو پەنجەرەو پەروانەو چرابن..
دەمەوێ پایزە جوانەكانی پارو
بەهارە تریقەكانم لەدەست نەچێ..
نامەوێ هاوینی تورەو
زستانی خەمناكم لێ وون بێت
ئەفسانە لێم گەڕێ..
من خورافەی حیكایەتەكانی تۆم بیرچۆوە
لەدەست قەهری پاڵەوانە خەیاڵییەكانت رزگارم بوو،
من ژنم و ئەفسانە لەتۆ نیم
لێم گەرێ
ئیتر زینی ئەسپی جەستەم
جەنگاوەرە عاشقەكەی دڵم
تاوی دەدات
نەفرەت لەتۆ ئەفسانە
وەرزێكت لەئازارو، نەخۆشی و،
لەحوزن و لەترس پێبەخشیم
من چیتر چرای ماڵەكەم ناگۆڕمەوە
بەهەتاوو رووناكی تۆ
چیتر ژیانم سەودا بەخەیاڵی تۆ ناكات.

نەفرەت لەتۆ ئەفسانە
ئەمجارەش خەوم لێ سەندییەوەو
ئیتر رێگە نادەم،
هیچم لێ زەوت بکەیت.